# ژیانی

# کۆمەڵایەتی

دکتۆر محیالدین محمدخانی

گۆڕینی لە دەنگەوە بۆ نووسین

عوسمان کەرەمی

**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب: ژیانی کۆمەڵایەتی

نووسینی: دکتۆر محیالدین محمدخانی

گۆڕینی لە دەنگەوە بۆ نووسین: عوسمان کەرەمی

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: دیاری فەریق

نۆبە وساڵی چاپ: چاپی یەکەم 2024

تیراژ: 1000 دانە

سەرپەرشتی بەرهەم: فەریق محەممەد ساڵح

لەبڵاوکراوەکانی: ئەکادیمیای محمدخانی بۆ ڕاهێنان

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (      )ی ساڵی 2024ی پێ دراوە.

# پێڕست


| وتار | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەکییەک | |
| 1 | بێداری و هوشیاری | 7 |
| 2 | پۆشاکەکانی مرۆڤ | 13 |
| 3 | کێشەورێگەچارەکانی | 23 |
| 4 | پوختەبوون یا بە ئەزموون بوون | 29 |
| 5 | خۆسازی | 33 |
| 6 | عادەت | 39 |
| 7 | خۆشبەختی مرۆڤ | 45 |
| 8 | ژین وژیانسازی | 53 |
| 9 | خێرخوازی بۆ یەکتر | 63 |
| 10 | ئێمە ودایک وباوکمان | 69 |
| 11 | باکلاسی یا لووتبەرزی وخۆلادان | 77 |
| 12 | زوڵم لە خوکردن یا خۆکوشتن | 85 |
| 13 | ئومێد | 91 |
| 14 | هەژاری ونەداری | 97 |
| 15 | لەدایکبوونەوەی دووبارە | 103 |
| 16 | تەمەن | 109 |
| 17 | شەڕ وئاشتی | 115 |

| | | |
|---|---|---|
| 18 | رازداری | 121 |
| 19 | ئەمانەتداری | 127 |
| 20 | پاکسازی زمان | 133 |
| 21 | زوو بڕیاردان | 139 |
| 22 | ژیان | 147 |
| 23 | ئاوێنەی هاوڕێیەتی | 155 |
| 24 | خواردن وبەرهەم | 161 |
| 25 | دەستماییەی خێزانداری | 167 |
| 26 | کۆمەڵگەی درووست | 173 |
| 27 | شادی وخۆشی | 181 |

بەناوی خوای جوانکاری بونەوەرەوە

**پێشەکیەک کە دەبێت بوترێت..**

ئەگەر بۆ یەکجار گوێ لە وتە و قسەکانی بگریت، هەستدەکەیت ونبوویەکی خۆتت دۆزیوەتەوە، بە کوردیەکی پەتی و ڕەوان دەدوێت وپێتوایە ئاشنایەکە و قسە لەگەڵ تۆدا دەکات، بەردەوام لەهەوڵی پێشخستن کۆمەڵگە و سارێژکردنەوەی برینەکانی کۆمەڵگەیە، بەتایبەت کۆمەڵگەی کوردەواری.

لەگەڵ ئەوەی هەوڵیداوە کەلەبەرەکان بدۆزێتەوە، بەردەوام رێگەچارەی زانستی و پەروەردەیی وکردەییشی بۆ پێشنیازکردووە.

دکتۆر محیالدین محمدخانی یەکێک لەئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە کە خەمێکی گەورەی هەڵگرتووە ، ئێمە شانازی بە بوونیەوە دەکەین.

ئەم پەرتووکەی بەردەستی ئێوەی بەڕێز، گرنگیەکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەدەرگای کۆمەڵێک کێشە و گرفت دەدات ، کە رۆژانە تاک و خێزان گیرۆدەن بەدەستیانەوە ، وێڕای خستنەڕووی گرفتەکە و شیکردنەوەی بە زمانێکی سادە وئاسان و کوردییەکی پەتی و پاراو و کورت وپوخت ، هەوڵیداوە کە بەشێوەیەک بێت تێگەیشتن و پیادەکردنی رێگەچارەکان روون وئاسان بێت.

جیا لەوەش جەندین بەسەرهات وچیرۆک لەناو بابەتەکاندا هاتوون، کەسەرنجی خوێنەر رادەکێشن ورێگەی تێگەیشتن روونتر و ئاسانتر دەکەنەوە.

وەکو ئەرکێک وپێزانینێک بەرامبەر بە هەوڵ ومانددووبونەکانی ئێمە لە (ئەکادیمیای محمدخانی بۆ ڕاهێنان) ئەم پەرتووکەی بەردەستی ئێوەی بەڕێزمان

بەچاپ گەیاند، کە زنجیرەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی بوو، بۆ پەخشــی تەلەفزیۆنی ئامادەکراو پێشکەشکراوە. ئومێد دەکەین، هەروەک چۆن وتارەکانی بەڕێزیان ، ڕۆشنایی ڕێگەی سەدان کەس بوون ، ئاواش ئەم دێڕە نووسراوانەی ناو ئەم پەرتووکە، ڕەنگڕێژی بەختەوەری بێت بۆ ژیانی خوێنەرانی بەڕێز.

لێرەوە سوپاسی زۆر بۆ:

*هەوڵەکانی برای ئازیز (عوسمان کەرەمی) لە نووسینەوەی ئەو وتارانە.

*هەوڵەکانی مامۆستایان (عادل حسین و پەخشان شەفیق ) لە هەڵەچنی وخاڵبەندی.

*ئەو بەڕێزانەش کەئەرکی بەچاپ گەیاندنیان گرتە ئەستۆ.

لەجیاتی تەواوی هاوکارانم:

**فەریق محەمەد ساڵح**

**سەرۆکی ئەکادیمیای محمدخانی بۆ ڕاهێنان**

**زستانی 2024**